حكومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی دارایی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
ب / دیراسات و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون

حكومة إقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة المالية و الإقتصاد
المديرية العامة للديوان
م / الدراسات و والابحاث والمتابعة

ژمارە: ٤٧٥٤ / / /
ڕێکەوت : / / ٢٧٢٥ کوردی
جۆزەردان

العدد :
التأريخ : / ٢٠٢٥ /

## گشتاندنی دارایی ژمارە ( ٤ )ی ساڵی/ ٢٠٢٥

## بابەت/ لێبڕینی خانەنشینی

پاڵپشت بە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو، ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠١٤) و ئاماژە بە هەردوو نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٥٩٨٩ لە ٢٠٢٥/٥/١٥) و ژمارە (٦١٧٠ لە ٢٠٢٥/٥/١٩) و کۆنووسی کۆتایی لیژنەی فەرمانی دیوانی (٢٤٦٦٠)ی ساڵی (٢٠٢٤).

دوای بەرکاربوونی یاسای خانەنشینی یەکگرتووی ئاماژە پێکراوی سەرەوە و جێبەجێ کردنی بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (٢٥٩) لە(٢٠٢٤/٧/٣) و چەسپاندنی لێبڕینی خانەنشینی (التوقيفات التقاعدية) بە ڕێژەی (١٠٪) لەسەر فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان کاری پێویست ئەنجام بدەن بە لێبڕینی ئەو ڕێژەیە کە دەکەوێتە ئەستۆی فەرمانبەران و ئەو خانەنشینانەی کە یاسای ئاماژە پێکراوی سەرەوە دەیانگرێتەوە بەم شێوەیەی لای خوارەوە:-

**یەکەم:** لێبڕینی ڕێژەی (٣٪) لە مووچەی فەرمانبەران لە ڕێکەوتی (٢٠١٤/١/١) تاکو (٢٠٢٤/٦/٣٠).

**دووەم:** لێبڕینی ڕێژەی (٣٪) لە مووچەی (فەرمانبەرێتی) خانەنشینان، ئەوانەی لە ئێستادا خانەنشینن و یاسای ئاماژە پێکراوی سەرەوە دەیانگرێتەوە لە ڕێکەوتی (٢٠١٤/١/١) تا ڕێکەوتی دەست لەکار هەڵگرتن و هەواڵەکردنیان بۆ خانەنشینی.

**سێیەم:** بڕی پارەی کەڵەکەبووی سەر فەرمانبەران و خانەنشینان وەک قەرز تۆمار دەکرێت لە ئەستۆی فەرمانبەران و خانەنشینان.

**چوارەم:** قەرزی ئاماژە پێکراو لە خاڵی (سێیەم) لە ماوەی (٣) سێ ساڵ بۆ فەرمانبەران و ماوەی (٥) ساڵ بۆ خانەنشینان پاکتاو بکرێت.

**پێنجەم:** ئەم لێبڕینە لە ڕێکەوتی (٢٠٢٥/٦/١) دەستپێدەکات تاکو قەرزەکە پاکتاو دەکرێت.

**ڕوونکردنەوە/** بۆنموونە ئەگەر فەرمانبەرێک لە ساڵی/٢٠١٤ مووچەی بنەڕەتیەکەی (٥٠٩,٠٠٠) پێنجسەد و نۆ هەزار دینار بێت ئەوا لێبڕینەکە بەم شێوەیە دەبێت (٥٠٩,٠٠٠ X ٣٪) بڕی لێبڕینەکە دەکاتە (١٥,٢٧٠) پازدە هەزار و دووسەد و حەفتا دینار، هەمان فەرمانبەر لە ساڵی/٢٠١٥ مووچە بنەڕەتییەکەی بووبێتە (٥١٩,٠٠٠) پێنجسەد و نۆزدە هەزار دینار، ئەوا لێبڕینەکە بەم شێوەیە دەبێت (٥١٩,٠٠٠X ٣٪) بڕی لێبڕینەکە دەکاتە (١٥,٥٧٠) پازدە هەزار و پێنجسەد و حەفتا دینار، بۆ ساڵەکانی تریش بەهەمان شێوە بۆ سەرجەم فەرمانبەران ئەم لێبڕینە بکرێت، بۆ فەرمانبەران سەرجەم لێبڕینەکان کۆ دەکرێتەوە دابەشی (٣٦) مانگ دەکرێت ئەو بڕەی دەردەچێت مانگانە لەمووچەی فەرمانبەران دەبڕدرێت تا قەرزەکە پاکتاو دەکرێت، بۆ خانەنشینان لێبڕینەکان کۆدەکرێتەوە و دابەشی (٦٠) مانگ دەکرێت ئەو بڕەی دەردەچێت مانگانە لەمووچەی خانەنشینان دەبڕدرێت تا قەرزەکە پاکتاو دەکرێت.

بۆ ئاگاداریتان و کاری پێویست... لەگەڵ ڕێزدا.

ئاوات جەناب نوری
وەزیری دارایی و ئابووری
٢٠٢٥ /٦/